مەسرور بارزانی هەڕەم لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پیرۆزبایی لە نوری مالیکی دەکات

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پیرۆزبایی لە نوری مالیکی، سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا دەکات بە بەبۆنەی کاندیدبونی بە پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراق و داوا دەکات رۆز لە قەوارەی فیدراڵیی هەرێمی کوردستان بگیرێت.

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێم، ئەمڕۆ یەکشەممە، لە راگەیەنرداوکدا وتی، لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا، پیرۆزباییمان لە نوری مالیکی، سەرۆکی هاوپێمانی دەوڵەتی یاسا کرد بە بۆنەی کاندیدبونی بە پۆستی سەرۆک وەزیرانی فیدراڵ.

سەرۆکی حکومەتی هەرێم وتوشیەتی، وەکای پیرۆزبایی، هیوای سەرکەوتنمان بە خواست لە پێناو دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ بە خزمەتکردنی گشت هاوڵاتییانی عێراق و چارەسەرکردنی کێشکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ لەسەر بنەمای دەستورو ڕێزگرتن لە قەوارەی فیدراڵی هەرێمی کوردستان.